# راگەیاندنی "فراکسیۆنی فەعالیەت بە نێوی کۆمەڵە"

## سەبارەت بە سمینارێک بە بۆنەی سیهەمین ساڵی هەڵسووڕانی ئاشکرای کۆمەڵە

لە سەر بانگەوازی "فراکسیۆنی فەعالیەت بە نێوی کۆمەڵە"، لە رۆژەکانی ناوەڕاستی مانگی خاکە لێوەدا، سمینارێکی سێ ڕۆژە کە لە ماوەیەک زۆر لەوە پێشەوە تەدارەکی بۆ کرابوو لە وڵاتی سوئید بەڕێوە برا.

لەم سمینارەدا نزیکەی 90 کەس لە هەڵسووڕاوانی فراکسیۆن و کادر و ئەندامانی لە مێژینەی کۆمەڵە و دانیشتووی (سوئید، دانمارک، ئاڵمان، فەرانسە، ئینگلیس، کانادا، و کردستانی عێراق) چ بە هاتن بۆ شوێنی سمینارەکە و چ لە ڕێگای ئینتێرنێتەوە بەشدار بوون. (ژمارەیەکیش لەو هاوڕێیانەی کە بۆ سمینارەکە بانگهێشت کرابوون بە هۆی کار و گیرو گرفتی جۆراوجۆرەوە نەیانتوانیبوو لە سمینارەکەدا بەشداری بکەن). شایانی باسە کە ماوەیەکی کەم پێش لە بەڕێوە چوونی سمینارەکە، پالاوتنی فراکسیۆن لە ڕاگەیەندراوێکدا لە لایەن کومیتە ناوەندی حیزبی کومۆنیستی ئێرانەوە ڕاگەیەندرا. ئەم بابەتەش لە لایەن بەشداربوانەوە درایە بەر باس و لێکۆڵینەوە.

لە ڕەوتی هەوڵدان بۆ دیتنەوەی هۆکارەکانی بوحرانی کۆمەڵە، گەلێک باسی بە نرخ لە ژێر سەردێڕێکی گشتی واتە "کۆمەڵە دوێنێ، ئەوڕۆ، سبەینێ" هاتنە ئاراوە. سەرەتای باسەکان بە گوێرەی ریزی پێشکەش کردنیان لە لایەن هاوڕێیان ساعید وەتەندووست، یۆنس مەولوودپوور، وەحید عابدی، یۆسف ئەردەلان، گوڵێ قوبادی، شەهین حەیدەری و جەواد مێشکی‌یەوە پێشکەش کران. لە درێژەی سمینارەکەدا هەموو بەشداربوان چ بە باسی ڕاستەوخۆی بۆچوون و ڕوانگاکانیان و چ بە ئاڕاستە کردنی پرسیارەکانیان چالاکانە بەشداری باسەکانیان کرد. پێویستە بوترێ کە لە باری فەننی و تەدارکاتی‌یەوە بانگەوازێکی گشتیمان بۆ مەیسەر نەبوو. هیوادارین لە داهاتویەکی نزیکدا بتوانین ئەم کەمو کووڕیە قەرەبوو بکەینەوە و ڕێگای پێکهێنانی کۆوەبوونی بەرین و بەربلاوتر بە دەست بێنین.

بەڕێوە بردنی وەها سمینارێک بۆ ئێمە، هەنگاوی یەکەم و دەسپێکی جێ خستنی کۆبوونەوەی سیاسی و باس و کێشەی رخنەگرانەی ئازاد و ئاشکرا بوو. جۆر بە جۆر بوونی بیروڕا و کێشەی ڕوانگاکان نەک هیچ ناکۆکی‌یەکیان لە گەڵ کار و سیاسەتی یەکانگیردا نیە، بەڵکوو پێویستی‌یەکی یەکتریشن. ڕخنە و بیروڕای هیچ ئینسانێکی تێکۆشەر و ئازادیخواز، نابێ لە سەر عەرز و لە قەفەسدا بمێنێتەوە. تەنیا بەم شێوەیە ئاسۆی ئازادی و سۆسیالیزم و ڕزگاری لە هەر چەشنە ستەمێک، لە ئیرادەی وشیارانە و خواستی کۆمەڵانی خەڵکی زەحمەتکێشدا ڕەنگ دەداتەوە.

لێرەدا بە پێویستی دەزانین ڕێز و پێزانینی خۆمان ئاڕاستەی هەموو ئەو بەڕێزانە و ئەو هاوڕێیانە بکەین کە بە تەرخان کردنی کات و ئیمکاناتی خۆیان لەو پەڕی هەست بە بەرپرسایەتی کردندا، بەشداری سمینارەکەیان کرد. هیوادارین بتوانین لە داهاتوودا قسە وباسەکانی ئەو سمینارە لە ئاستی گشتیدا بڵاو بکەینەوە. بەو هیوایە کە ئەم نەمامی تێکۆشانە بەر بگرێ و بە بەشی خۆی درگای بزووتن بەرەو ئازادیمان لێ بکاتەوە.

**خاکە لێوەی 1388**